# (ئەلجەزیرە)، مینبەرێکی قەتەری بۆ هاندان و پشتیوانیکردنی تیرۆر

دیارە سیخوڕی کردن و چەواشەکردن هەمیشە لە مێژوودا دوو رەگەزی گرنگ و کاریگەر بوون، دواتر بە شێوەیەکی ئاڵۆز پێشکەوتوون تا وای لێهاتوە تەنیا سنوری زانینی زانیاریەکی ئاسان و سادە تێپەڕێنێت. لە ئێستاشدا دوای ئەو کرانەوە بەرچاوەی لە زانیاریدا هاتۆتە ئاراوە بە رێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئاژانسەکانی هەواڵی پێشکەوتوو رۆڵی گرنگ و بەرچاوەکەی تەکنۆلۆژیای نوێ لە نەخشەکردنی سیاسەتی حکومەتەکان خستۆتە ڕوو لە دروستکردنی ململانێ و جەنگ و ململانێکان.

کەناڵی (جەزیرە)ی قەتەری کە ناکرێت تەنیا بە کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵی و شرۆڤەکاریی دابنرێت، کە هەمیشە تاکی عەرەبی بە تایبەتی و خەڵکی تریشی سەرسام کردووە بەو وێنە گفتوگۆیە

ساختەكارییانەی كە پەخشی دەكات، چونكە مینەبەرێك بووە بۆ نانەوەی ئاژاوەو ناسەقامگیری لەنێو گەلانی ئیسلامی و عەرەبی بە تایبەتی، بەڵكو هانی بڵاوبونەوەی تائیفی و مەزهەبی داوەو بۆتە پێگەیەك بۆ تیرۆری نێو دەوڵەتی بەرێگەی بەرنامەو میوانداریكردنی كەسایەتیەكان. بێگومان ناكرێت فەرامۆشی یەكەم دەركەوتنی تیرۆریست ئوسامە بن لادن بكەین لە كەناڵی جەزیرە، بەو پێیەی تاكە سەرچاوەی نیشاندانی فیلمەكانی بن لادن و زەواهـری و زەرقاوی و چەندین تر بووە. هەروەها دەركەوتنی بەعسیەكانیش لەبنچینەدا هەر لەكەناڵی جەزیرە بوو دوای روخاندنی رژێمی عیراق, یان پەخشكردنی راستەوخۆی فەتوای شێخەكانی وەكو قەرزاوی بە كوشتنی شیعەكان و روخاندنی شوێنەوارە ئیسلامییەكان. بێگومان كەناڵی جەزیرەی هەواڵیی توانیویەتی لە ماوەی دوو دەیەی رابردودا دەوڵەتی قەتەر بخاتە سەر نەخشەی دیارترین وڵات لە جیهاندا، چونكە پەنجەرەیەك بووە بۆ ئەو وڵاتە كە لە بنچینەدا پشت بە هەناردەی غازو نەوت دەبەستێت. قەتەر بەهۆی كەناڵی جەزیرەوە توانیویەتی رۆڵێكی هەرێمی بەرچاو بگێرێت، ئەمەش لەو كاتەدا بەدیار كەوت، كە قەتەر توانی مافی رێكخستنی مۆندیالی 2022 بەدەست بهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا لە كاتی ئێستادا داهاتووی ئەو كەناڵە لەمەترسیدایە بەهۆی ئەو قەیرانەی دواییەی قەتەر تێكەوتوە لەگەڵ وڵاتانی كەنداو. كەناڵی جەزیرە لە رابردوش بۆتە هۆكاری سەرهەڵدانی قەیرانی دیپلۆماسی لەگەڵ چەند وڵاتێكی تری دراوسـێی قەتەر لەوانەش سعودیەو میسرو عیراق و وڵاتانی تر، كە دیارترینیان قەیرانەكەی لە نێوان میسرو قەتەر پەیدا بوو دوای كەوتنی رژێمەكەی حوسنی موبارەك، پاشان لە دوای لادانی محەمەد مورسی لە دەسەڵات ئەو پشێوییانەی نێوانیان زیاتر بوو كەناڵی جەزیرەش یەكێك بوو لە هۆكارەكانی. بە روونی دیارە كە حكومەتی قەتەر ئەو كەناڵەی بەكارهێناوە بۆ سەپاندنی سیاسەتەكانی خۆی و گێرانی رۆڵێكی فراوانتر لە ناوچەكە. هەر لە نەوەدەكانەوە كەناڵی جەزیرە وەكو كەرەستەیەك بۆ سەپاندنی سیاسەتەكان بەكار هێنراوە، بەمەبەستی پێدانی قەبارەیەكی گەورەتر بە وڵاتی قەتەرو هەژماركردنی وەك ژمارەیەكی گرنگ لە هاوكێشەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست. بەدرێژایی مێژووی راگەیاندنە عەرەبییەكان، هیچ كەناڵێكی راگەیاندن بەو شێوەیە نەبۆتە مایەی مشتومڕ. كەناڵی

**كەناڵی جەزیرە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بۆتە مینبەرێك بۆ سەركردە و كادرەكانی رێكخراوی قاعیدەو چاوپێكەوتنەكانی لەگەڵ دامەزرێنەكەی ئوسامە بن لادن لە ساڵی 1998 ئەنجام داوەو دواتریش لەگەڵ ئەیمەن زەواهیری و ئەنورەر عەولەقی و تا دەگات بە سەركردەكانی داعش**

جەزیرە هەمیشە لەگەڵ سیاسەتە نادیارو لە ناكاوەكانی وڵاتەكەیدا بووە. هەندێك جار دژی گروپە ئیسلامیەكان بووەو هەندێك جاریش باوەشی بۆ سەركردەكانی كردۆتەوەو كەناڵەكەی لەخزمەتی ئەوان بەكار هێناوە. وەك رێكخراوی تیرۆریستی قاعیدەو حزبوڵڵای لوبنانی.

كەناڵی جەزیرە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بۆتە مینبەرێك بۆ سەركردە و كادرەكانی رێكخراوی قاعیدەو چاوپێكەوتنەكانی لەگەڵ دامەزرێنەكەی ئوسامە بن لادن لە ساڵی 1998 ئەنجام داوەو دواتریش لەگەڵ ئەیمەن زەواهیری و ئەنورەر عەولەقی و تا دەگات بە سەركردەكانی داعش. جەزیرە پشتیوانی لە میلیشا تیرۆریستییەكان كردووە. نەك هەر تەنیا قاعیدەو داعش، بەڵكو كار گەیشتۆتە میلیشا حوسییەكانیش لە یەمەن، ئەمەش یەكێك بوو لە قێزەونترین كارەكانی ئەو كەناڵە. ئەم كارانە سەرجەمیان دژی سیاسەتەكانی ناوچەكەو وڵاتانی دەوروبەری بووە، بۆیە ژمارەیەكی زۆری ئەو وڵاتانە هەوڵی قەدەغەكردنیان داوەو پەیامنێرو ستافی

بەرنامەکانی لە وڵات دەرکردووە.

دیارە سیاسەتی ئاژاوەچیەتی راگەیاندن توانای گەشەکردنی هەیە لە هەر ژینگەیەك بێت. هەمیشە هەوڵی داوە خۆی بە خەمخۆری گەلانی عەرەبی نیشان بداتو خۆی بە بێ لایەنیو پیشەیی وەسف کردووە. جەزیرە دروشمی راو رایەکی تری بەرزکردۆتەوە، کەچی هەرگیز باسی لە کێشە ناوخۆییەکانی قەتەر نەکردووە، بۆیە وڵاتی سعودیە پێش هەر وڵاتێکی تری عەرەبی رێکاری داخستنی ئەو کەناڵەی گرتەبەر لە ریازو مۆڵەتی کارکردنی لـێ وەرگرتنەوە بەو پێیەی ئەو کەناڵە (پشتیوانی لە پلانی حوسییەکان) دەکات لە ماوەی جەنگی سعودیە لەگەڵ حوسییەکان لەسەر سنورەکانیان لە باشوری رۆژئاوادا.

زۆرجاریش ئەو تۆمەت و نیگەرانیانە لەو کەناڵە دووبارە دەبوونەوە، کە لەلای خۆیەوە هەمیشە رەتی کردوونەتەوە و سەربەخۆیی و بێلایەنی خۆی نیشانداوە لەو مەسەلانە. بەڵام هەمیشە ئەو کەناڵە خاڵی ناکۆکی نێوان وڵاتانی کەنداو بووە تەنانەت پێش ڕوماڵاکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیش.

لە ساڵی 2002 بەهۆی روماڵکردنی پلانە ئاشتەوایەکەی سعودیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی فەلەستینی، وایکرد ریاز باڵیۆزی خۆی لە دۆحە بکێشێتەوە بۆ ماوەی 6 ساڵا. هەرچەندە لەساڵی 2007 هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە قەتەر بەڵێنی گۆڕینی سیاسەتەکانی داوە بۆ رازیکردنی سعودیەو کۆتایی هێنان بەقەیرانی دبلۆماسی نێوانیان. هەر دوای ئەوە بریارێك لەجەزیرە دەرچوو بە روماڵ نەکردنی هەر روداوێکی سعودیە بەبێ راوێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتە، چونکە ئەوان جەزیرە بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە راستەیەکان دەشوێنێتو واقعەکان دەگۆڕێتو رقو کینە بڵاودەکاتەوە لەنێو ئەو وڵاتانە. جگە لەهاندانی توندوتیژیو پروپاگەندە کردن. هەمیشە تیشك دەخاتە سەر مەسەلە سەلبیەکانو ئیجابیەکان دەشارێتەوە. ئەوان پێیان وایە هەر هەواڵێك یان روداوێك لەسەر میسرو سوریاو لیبیاو ولاتانی تر بڵاو دەکاتەوە، ناوەرۆکێکی سیاسیەو ئامانج لـێ راگەیاندن یان رۆشن کردنەوە نییە، بەڵکو ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی قەتەر.

کەناڵی جەزیرە کە لە ساڵی 1996 دامـەزراوە، تاوانبار دەکرێت بە پروپاگەندە کـردن بۆ گروپە ئیسلامییەکانی وەکـو ئیخوان موسلمین و حوسییەکان لە یەمەن و بۆتە مینەبەرێك بۆ ئەو گروپە ئیسلامییانە کە لە چەندین وڵاتی عەرەبیدا سەرییان هەڵداوە. ئەو کەناڵە چەندین بەرنامەی بەزمانی ئینگلیزی پەخش کردووەو بازاڕە جیهانیەکانی کردۆتە ئامانج، لەوانەش ویلایەتە یەکگرتوەکان. تەنانەت پێش قەیرانەکەی قەتەریش، چەندین وڵات بریاریاندا بە قەدەغەکردنی کەناڵە جەزیرە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، لەوانە سعودیەو بەحرێنو میسرو ئیمارات. دوو هەفتە دوای ئەوەش بریاری برینی پەیوەندیەکانیشیان دا لەگەڵ وڵاتی قەتەر. ئەمەش بە خراپترین قەیران دادەنرێت لەناوچەی کەنداو لەماوەی چەند دەیەکی رابردودا.

## داخستن یان گۆڕانکاری؟

بەپێی سـەرچـاوەکـان دیـارە یەکێك لەگرنگترین مەرجەکانی دانوستاندن لەگەڵ قەتەر هەموارکردنەوەی کەناڵەکانی راگەیاندنی قەتەریە، رەنگە کەناڵی جەزیرە دانەخرێت، بەڵام دەبێت سیاسەتو رێرەوی کارکردنی بگۆڕێت. چونکە بۆتە خاڵی ناکۆکی نێوان وڵاتانی کەنداو بە شێوەیەکی هەمیشەیی. بۆیە زۆرێك لەچاودێران پێان وایە ئەمجارە داخستنی ئەو کەناڵە مەرجێك دەبێت لەمەرجەکانی هەر ناوەندگیریەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە، ئەمەش گورزێکە بۆ لێدانی راگەیاندنەکانی قەتەر لەداهاتودا. هەروەها بۆ داهاتوی کارمەندەکانیشی کە ئێستا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (3) هەزار کارمەند چ لەناو دۆحە یان لەدەرەوەی دۆحە لەسەرتاسەری جیهان، هەرچەندە لە کاتی ئێستادا کەناڵی جەزیرە تا ڕادەیەکی زۆر زمان حاڵی خۆی گۆڕیوەو نایەوێت ببێتە مایەی تورەبوونی زیاتری ئەو وڵاتانە.

## سەرچاوەکان:


رۆژنامەی فایناشیال تایمزی لەندەنی

مرکز الریاض للمعلومات و الدراسات الاستراتیجیە، جریدە الریاض.

کیفین بونیاهمن، القسم الاخباری فی بی بی سی7 یونیو/ حزیران 2017

# دوای گەمارۆکان تەنیا یەك ڕێگە لەبەردەم قەتەردا کراوەیە




سەرچاوە: ئاژانسەك

فیك: ئارام مەحمود ئەحمەد